# ڕەوت، گەشە و مێژووی منداڵتەوەرانە، لە ڕوانگەی شێخ مارفی نۆدێیەوە

پ.ی. د. فوواد عەبدوڵازادە
زانکۆی زابۆل/ سیستان و بەلووچێستان
foadabdolahzadeh@uoz.ac.ir

ڕوقیە ڕەحیمی
زانکۆی کوردستان
r.rahimi.r20@gmail.com

ئارش مێهرەبان
ماستەری زمان و وێژەی فارسی
Arashmehraban.lite@gmail.com

**ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە:2024/3/1** **ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:2024/5/7**

**پوختە:**

لە مێژوودا، قۆناغی منداڵی بە کۆمەڵێک لەو کات و قۆناغانە دەوترێت کە لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە وەکوو قۆناغگەلێک لە ژیانی منداڵ لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا، چەمکی منداڵ وەک تەوەرێک دەهێنێتە ئاراوە. لەم قۆناغانەدا، ڕوانین و ڕوانگەی کۆمەڵگە سەبارەت بە منداڵان، ڕۆڵ و پێگەیان لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگە، پەروەردە و فێرکاری، کایە و سەرگەرمی و لایەنگەلی پەیوەندیدار بە منداڵەوە، لێکدانەوەی بۆ دەکرێت؛ کە ئەم سەدانە بریتین لە سەدەی ناوەڕاست، سەدەی ڕۆنێسانس و سەدەی نۆزدەی زایینی کە هەرکام لەمانە هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جیاواز بە خۆیان بوون و دەور و کاریگەریی خۆیان لە نێو دنیای منداڵاندا هێناوەتە ئاراوە. لەم ڕووییەوە کۆمەڵگەی کوردی خاوەنی پێگە و دەوری تایبەت بە خۆی بووە و کەسانێک وەک شێخ مارفی نۆدێ، بە هەست کردن بەوەی کە منداڵ خاوەنی پێگە و کەسایەتیی تایبەت بە خۆیەتی و گرینگایەتیی ئەوەی کە دەبێت بخوێنێنن و ئاوەز و تێگەیشتنیان بگاتە لووتکە، هەوڵیداوە بە نووسینی بەرهەمێک لە چوارچێوەی وشەدانی عەرەبی-کوردیدا، ئەم ڕەوتە بەرەو پێش ببات و ببێتە هۆکارێک بۆ دروستبوونی ڕەوتێکی منداڵتەوەرانە لەنێو دەق و نووسراوەی کوردیی تایبەت بە منداڵاندا. ئەم وتارە هەوڵدەدات ڕەوت، گەشە و مێژووی منداڵتەوەرانەی دەقی نووسراوەی کوردی بە جەخت لەسەر کتێبی ئەحمەدیی شێخ مارفی نۆدی لێکبداتەوە و هۆکار و لێکەوتەکانی ئەم ڕەوت و سەرهەڵدانە مێژووییە، لێکدانەوەیەکی زانستییانەی بۆ بکات. ئاکامی ئەم وتارە دەرخەری ئەوەیە شێخ مارفی نۆدێ، وەک یەکێک لەو کەسایەتییە یەکەمانەی مێژووی ئەدەبی کوردی، توانیویە ببێتە هۆکارێک بۆ گرینگیدان بە منداڵ و دروستبوونی ڕەوتێکی منداڵتەوەر لە نێو کورددا، کە بووەتە هۆی بەرهەمهاتنی کۆمەڵێک دەق و نووسراوەی تایبەت بە منداڵان و فێرکاریی ئەو چینە هەستیارە.

**وشەی سەرەکی**: ئەحمەدی، شێخ مارفی نۆدێ، منداڵان، ئەدەبی نووسراوەی کوردی

## 1. پێشەکی:

لێکۆڵینەوەی نێوانبەشی تایبەت بە منداڵان، مێژوویەکی دوور و درێژی لە نێوان لێکۆڵینەوە زانستگاییەکاندا نییە. هۆکاری ئەم دواکەوتنە وێڕای ئەوەی کە بە شێوازێکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی منداڵان و جۆری ڕوانین و وێناکردنیان لە ئاستگەلی جۆراوجۆری کۆمەڵگەدا، بەشێکی دیکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وەستانەی کە لە سەرهەڵدانی سوننەتگەلی نێوان بەشی و گۆڕان لە مۆدێلەکان و سنووری بەشگەلی زانستگاییەدا ڕوویداوە. لێکۆڵینەوەی منداڵی لە سەدەی بیستەمدا بە شێوازێکی بەربڵاو لە ژێر ڕکێفی سوننەتی دەروونناسی گەشەدا بوو کە تێیدا " منداڵی قۆناغێک بوو بۆ ڕاهێنانی زیاتر بەرەو گەیشتن بە پێگەیەکی گەورەساڵ کە ئەم ڕەوت و ڕێگایە بەپێی تەمەن، گەشەی جەستەیی و توانایی ناسینەیی ئەو منداڵە وێنا دەکرێت" ( کیلی، 1396: ٧). گۆڕان لەم ڕوانینەدا و دەستەبەرکردنی ئەو پارادایمە جێنشینانە لە لێکۆڵینەوەی تایبەت بە منداڵاندا، لانیکەم سەدەیەک درێژەی هەبوو و بۆ یەکەمجار دامەزراندنی بەشی لێکۆڵینەوەی منداڵان لە ئامریکا و دواتر لێکۆڵینەوەی منداڵ ( بە گشتی لە ئەورووپادا) لە ساڵگەلی ١٩٩٠ دەستی پێکرد. بەشی لێکۆڵینەوەی منداڵان باس لەسەر ئەو هۆگرییانە دەکات وەک؛ خوێندنەوەی تایبەت بە بابەتی منداڵانە بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی ژینگەیی ئەو منداڵە، نەسڵ، مافی منداڵان، لایەنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگییان. ئەم سوننەتە پێویستی بە بەکارهێنانی بەشگەلێکی جۆراوجۆری زانستە مرۆییەکان، کۆمەڵایەتی و گەشەییە. بە

sjh@univsul.edu.iq

دەستەبەرکردنی ئەم بەستێنە دەکرێت لێکۆڵینەوەی تایبەت بە منداڵ لە ڕوانگەگەلی کۆمەڵایەتی، سیاسی، مێژووی و دەروونناسی و هتد باس بکەین و منداڵان وەکوو گوتارێکی گرینگ لە کۆمەڵگەدا بۆی بڕوانین.

ڕوانگەیەکی گرینگ لە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی منداڵاندا، فەرهەنگی منداڵان و پێگە و هەڵسووکەوتیان لەگەڵ فەرهەنگی کۆمەڵگەدایە. فەرهەنگی میدیایی، بەکارهێنان و بانگەشە، ئەدەبیات و ئەو گوتارانەی لە بازنەی منداڵاندا دروست بوون، بابەتێکی گرینگە بۆ لێکۆڵەرانی کۆمەڵناسی و لێکۆڵەرانی فەرهەنگیی منداڵان. لەم بەستێنەدا کاریگەریی گوتارەکان لەسەر دروستبونی کەسایەتیی منداڵ و ڕۆڵیان لە دروستکردنی شوناسی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکاندا ڕەنگدانەوەی بووە. لەم وتارەدا دەپەرژێینە سەر ئەو گوتارە زاڵانەی کە لە بەستێنێکی منداڵتەورانەدا لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی کوردیدا هاتوونەتە ئاراوە. لە درێژەدا بە هێنانەوەی چەند نموونە دەقێکی منداڵتەوەرانە بە جەخت لەسەر کتێبی ئەحمەدیی شێخ مارفی نۆدێ، ڕەوت، گەشە و مێژووی منداڵتەوەرانەی شێخ مارفی نۆدێ دەهێنینە ئاراوە و بە باسکردنی چەند ڕوانگەیەکی مێژوویی لەم بوارەدا، ئەم بابەتە دەهێنینە ئاراوە کە مێژووی منداڵتەوەرانەی کوردی لە چ ئاستێکەوە گەشەی کردوە و بەرەو چ ئاقارێک ڕۆیشتووە. لە کۆتاییدا چەند نموونەیەکی لوغەتنامەی ئەحمەدی و هەڵسەنگاندنی بەپێی چوارچێوە و کارکردی ئەدەبی و زەینی منداڵان دەهێنینە ئاراوە.

## ٢. بنەمای تیۆری:

کتێبی "سەدەکانی منداڵی" ئەریس ( ١٩٦١ ) خاڵێکی وەرچەرخانە لە پیشاندانی دووبارەی واتای منداڵی و خولقێنەری دووبارەی بووچوونی شوناسخوازانە. ئەو هەوڵەی لەم کتێبەدا درا، ئەمە بوو کە منداڵی، قۆناغێکی سروشتی و یەکسانی لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بووە. لەم کتێبەدا، بەهێنانی کۆمەڵێک نموونە لە کۆمەڵگەکاندا، قۆناغ و سەدەکانی منداڵی هێناوەتە ئاراوە کە چ قۆناغ و ڕەوتێکی تێپەڕاندووە. ئەم کتێبە یەکێکە لەو سەرچاوە گرینگانەی کە گوتاری منداڵتەوەرانەی وەک تەوەرێکی نوێ و گرینگ هێناوەتە ئاراوە. ئەم کتێبە بنەمای سەرەکیی لە چوارچێوە و نیزامێکی کۆندا کە نووسەر لە ڕوانگەیەکی حەشیمەتناسییەوە تایبەتمەندییەکانی بنەماڵەیەکی مۆدێرنی باس کردوە. بە جەخت لەسەر ئەم بنەما تیۆرییە، لەم وتارەدا دەپەرژێینە سەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

1) پێگەی منداڵ لە نێو دەقی کلاسیکی کوردیی بە تایبەت کتێبی ئەحمەدی لە چ ئاستێکدا بووە؟
2) ڕوانگەی کۆمەڵگە سەبارەت بە خوێندنی دەق و ڕەنگدانەوەیان لە دنیای منداڵاندا چ قۆناغگەلێکی تێپەڕاندووە؟
3) چ هۆکارگەلێک بوونەتە هۆی لەبیرچوونی منداڵ لە سەدەگەلی سەرەتاییدا

ڕوانگەی توێژینەوەیی ئێمە شیکاری-وەسفییە بەپێی سەرچاوەگەلی کتێبخانە.

## ٣. پێشینەی لێکۆڵینەوە:

سەبارەت بە لێکدانەوەی ڕەوت و گەشەی منداڵی لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا بە لەبەرچاوگرتنی دەقە کوردییەکان، تا بە ئێستا هیچ کارێکی توێژینەوەیی نەکراوە. دیارە بەپێی ئەو گەڕان و بەدواداچوونانەی کە سەبارەت بەم بابەتە ئەنجام دراوە، لەم بوارەدا بۆشاییەکی توێژینەوەیی زۆر لە ئارادایە و بەو جۆرەی نووسەری ئەم وتارە بەدواداچوونی بۆ کردووە، دەبینین کە هەوڵێکی جیددی و گشتگیر لەم بوارەدا نەدراوە. سەبارەت بە شێخ مارفی نۆدێی و کتێبی ئەحمەدی-یش بێجگە لە چەند یادداشتێکی کورت و ڕووکەش و چەند داکیۆمێنتێکی وێنەیی، هیچ جۆرە دەقێکی زانستی بڵاو نەکراوەتەوە یا ئەوەی لەبەر نوانەنەبوونی دەقێکی پەیوەندیدار بەم بابەتە لە زمانی کوردیدا، هیچ جۆرە کارێکی توێژینەوەییمان بەر دەست نەکەوت. سەبارەت بە خودی شێخ مارف و ژیاننامەکەی لە چەند کتێبێکدا، چەند لاپەڕەیەک لەبەردەستدایە کە ئەم یادداشتانە هیچ بنەمایەکی زانستی و توێژینەوەییان پەیڕەو نەکردوە و تەنیا لە چوارچێوەی یادداشتدا بڵاو کراونەتەوە.

سەبارەت بە پێشینەی ڕاستەوخۆ لەم بوارەشدا، ئێمە بۆشاییەکی زۆرمان بینی و بۆمان دەرکەوت کە بە زمانی فارسیش کارێکی ئەوتۆ نەکراوە. لە کتێبێکدا بە ناونیشانی«*قرون کودکی، تاریخ اجتماعی، زندگی خانوادگی*» (فلیپ اریە: 1399) نووسەر، مێژووی بیرۆکەی بنەماڵەی لێکداوەتەوە و وێڕای ناساندنی ئەم دیاردەیە، باس لەسەر ئەوە دەکات کە چەمکی بنەماڵە لە درێژایی مێژوودا چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە و ڕۆڵی منداڵ لەم بەستێنەدا لە چ قۆناغێکدایە. لە درێژەی کتێبەکەدا نووسەر باس

sjh@univsul.edu.iq

لەسەر پەیوەندیی قووڵی بنەماڵە و منداڵان دەکات و بە ناساندنی ئەو قۆناغە مێژووییانەی کە لەم چوارچێوەیەدا دروست بوون، بۆشایی و لێکەوتەکانی ئەم دیاردە مێژووییە دەخاتە ڕوو. لە ئاکامدا نووسەر ئەو گۆڕانکارییە مێژووییانە وەکوو واتایەکی زەینی و کاریگەر بەسەر لێکەوت و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ناو دەبات و منداڵ وەکوو بوونەوەرێکی سەربەخۆ و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی دەناسێنێت.

لە وتارێکدا بە ناونیشانی «مطالعات کودکی: مفاهیم، رویکردها و مسائل محوری»(ذکایی: 1395) چەند ڕوانگەیەکی تایبەت بە لایەنەکانی لێکۆڵینەوەی منداڵانی هێناوەتە بەرباس و توێژینەوە. نووسەر لەم توێژینەوەیەدا سەرەتا پەرژاوەتە سەر پێشینە و ڕەوتی ئەم لێکۆڵینەوەیە و دواتر بە هێنانی چەند ڕوانگەیەک لەوانە: ڕوانگەی مێژوویی، دەروونناسیی گەشە، ئەدەبی منداڵان، ڕوانگەی تایبەت بە حەشیمەت، ڕوانگەی کۆمەڵناسانە و چەند ڕوانگەیەکی دیکەی لەم بوارەدا باس کردوە. نووسەر لەم وتارەدا گەیشتووە بەو ئاکام و لێکەوتەی کە بە کەڵک وەرگرتن لەم ڕوانگەیە دەکرێت گوتارێکی قووڵ لە بەستێنی لێکۆڵینەوەیی تایبەت بە منداڵان دەستەبەر بکرێت کە ئاکامەکەی دەبێتە دروستبوونی پلان و سیاسەتێکی گونجاو، بەرزکردنەوەی کوالێتی ژیان و هاوسەنگیی باشتر لە نێوان منداڵاندا.

**٤. باس و لێکۆڵینەوە:**

**٤.١چەمکی منداڵ، مێژوو و لێکەوتەکانی:**

بۆ چوونە نێو ئەم باسە، سەرەتا پێویستە ئاوڕێک بدەینەوە لەو مێژووەی کە منداڵی وەکوو چەمکێکی گرینگ هێناوەتە بەر باس و توێژینەوە. لە کۆمەڵگەی سەدەی ناوەڕاستدا بیرۆکەی منداڵی هێشتا نەناسێندراو بوو. لەبەر ئەوەی بیرۆکەی منداڵی پێویستی بە ناسین و تێگەیشتنێک سەبارەت بە منداڵ بوو کە ئەم دیاردەیە لە سەدەی ناوەڕاستدا بوونی نەبوو و تێگەیشتنەکان وەک ئەم قۆناغەی ئێستا کە تێیدا دەژین، بوونی نەبوو. سەدەی ١٧ی زایینی وەکوو ڕێکەوت و مێژوویەکی گرینگ لە نێو دنیای منداڵ و گرینگیدان بەم چەمکە دێتە بەر باس. ئەم سەدەیە قۆناغێکی نەرێنییە لە نێو دنیای منداڵ و گرینگیدان بەم دیاردەیە لە نێو ژیانی کۆمەڵایەتیدا. ئەم قۆناغە دەسپێک و سەرەتایەک بوو بۆ چەوساندنەوە و ئازاردانی ئەو چینە. لەم قۆناغەدایە کە منداڵ لە دوای ئەوەی کە قۆناغی ساوایی و سەرەتایی ژیانی خۆی دەست پێ دەکات، بنەماڵە بە هۆکارگەلی زۆرەوە کە یەکێک لەوانە هۆکاری ئابووری و کێشەگەلی پەیوەندیدار بەو بابەتە، منداڵیان دەناردە ژێر کار و وەکوو هێزێکی کار و پیشەی بنەماڵەیی بە ئامانجی بەدەستهێنانی پووڵ و پارە بەکار دەهێنا. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لەم قۆناغەدا منداڵ تەمەنێکی بۆ منداڵیی خۆی نامێنێت و سەرەتای ژیانی لەگەڵ چەوساندنەوە و کێشەگەلی کۆمەڵایەتی دەست پێ دەکات.

**٤.٢ مێژووی گرینگیدانی چەمکی منداڵ لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا:**

**٤.٣ . ١ . حوجرە:**

بە ئاوڕێک بە نێو کۆمەڵگای کوردیدا، دەبینین کە هەر لە سەدەی ١٥ی زایینییەوە، گرینگی و ئاوڕێک لە چەمکی منداڵ دراوەتەوە. بە ڕوانین بۆ بەرهەم و ئەو هەوڵانەی لەم بوارەدا دراوە، کۆمەڵێک کتێب دەبینین کە ئاستی تەمەنی بەردەنگی ئەو بەرهەمانە بۆ منداڵە و تایبەت بە فێرکاریی ئەو چینەیە. سیستەمی فێرکاریی کۆن لە کوردستاندا لە حوجرەکانەوە دەستی پێکردوە، بە جۆرێک بنەماڵەکان منداڵەکانیان ناردووەتە حوجرەکان و لەوێ لە ڕێگای فێرکارییەکەوە کە ڕەنگ و بۆنێکی ئایینی پێوە بووە پەروەردە کراون، نموونەی ئەم ئیدیعایش گەورەبوون و پێگەیاندنی کەسانێکی گەورە و بلیمەتە کە لە نێو ئاسمانی پرشنگداری ئەدەبی کوردیدا درەوشاونەتەوە کە هەمووی ئەمانە بەرهەمی حوجرە بوون.

دیاریکردنی مێژووی دروستی سەرهەڵدان و گەشەکردنی سیستەمی مەدرەسە و حوجرە لە کوردستاندا کارێکی ئەستەمە. نەبوون یان نەمانی سەرچاوەی کۆن و متمانەپێکراو، هۆکاری سەرەکییە بۆ نەزانینی مێژووی ئەم سەرهەڵدانە. بەڵام لە ڕووی هەندێ دەرکەوتە و ئاماژەوە دەتوانین سەرهەڵدانی حوجرە بگەڕێنینەوە بۆ سەدەی یەکەمی بەئیسلامبوونی کوردستان. هەبوونی ناو و ئاسەواری زانستیی زانایانی کوردی سەدەی دووەم و سێیەم گەورەترین بەڵگەیە بۆ هەبوونی ناوەندی زانستی مەزن لە کوردستانی ئەو کاتدا. دینەوەر، قرمسین و شارەزوور و حولوان چەند شار و دەڤەرێکی دیاری چەند سەدەی سەرەتای موسڵمانبوونی کوردانن. هەبوونی ناوی زانایانی وەک ئەبوو حەنیفە و ئیبنوقوتەیبییەی دینەوەری و عەلی خەلالی حولوانی

و ئەبووحەسن عەلیی قرمسینی نەحویی و ...هتد بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن بۆ هەبوونی ناوەندگەلێکی پتەو و تۆکمە لە چەند سەدەی سەرەتای موسڵمانبوونی کورداندا. بە شێوەیەکی گشتی مێژووی حوجرە و مەدرەسەکانی کوردستان لەلایەن لێکۆڵەرانەوە بەسەر شەش قۆناغدا دابەش کراوە کە دەتوانین بەم شێوەیە ئاماژەی پێ بکەین: قۆناغی یەکەم: لە موسڵمانبوونی کوردانەوە هەتا 1100ـی زایینی. قۆناغی دووەم: لە 1100وە هەتا 1400ـی زایینی. قۆناغی سێیەم: لە 1400وە هەتا 1700ـی زایینی. قۆناغی چوارەم: لە 1700وە هەتا 1850ـی زایینی. قۆناغی پێنجەم: لە 1850وە هەتا دروستبوونی دەوڵەتـنەتەوەکان و قۆناغی شەشەم: لە دەستپێکی دەسەڵاتی دەوڵەتـنەتەوەکانەوە هەتا ئێستە( ئەیۆزدەمیر، شاکر: ٢٠١٢).

سەبارەت بەم فێرکارییە ئاینییە ئێمە لە ئەورووپایشدا ئەم ڕەوتە دەبینین کە یەکەمین بەرهەمەکان لە لایەن قەشەکانەوە بۆ منداڵان نووسراون و لە نێو کڵێسەکاندا وتراونەتەوە. هەر بۆیە ئەگەر بەو مێژووەدا بڕۆینەوە دەبینین کە کۆمەڵێک کتێبی ئاینیی تایبەت بە شێواز و چۆنیەتی هەڵسووکەوتی منداڵان لەگەڵ کڵێسە، ڕەوشتە ئاینییەکان و ... لە ئەورووپادا نووسراون. لە بەرامبەر ئەمەیشدا لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئێمە کۆمەڵگایەک دەبینین کە هیچ خوێندنگەیەکی حکوومیی لێ نەبووە، تاکە سەرچاوەی خوێندەواری حوجرەکان بوون. دیارە سیستەمی حوجرە لەو کاتەدا جیاوازتر لە قوتابخانە و خوێندگە حکوومییەکانی ئێستا بووە، بۆ نموونە:

١ . مەرج نییە فەقێیش وەکوو قوتابی لە منداڵییەوە دەست بداتە خوێندن. بەڵام لە هەر قۆناغێکی تەمەنییەوە بیخوێندایە دەبوایەت کتێبە سەرەتاییەکانی حوجرەی بخوێندایەت.

٢. کەوتن و مانەوەی فەقێ وەکوو سیستەمی قوتابخانە نەبووە.

٣. قوتابی دەیتوانی لە هەر کوێ کە پێی خۆش بێت و ڕێگەپێدراو بێت بخوێنێت.

٤. شێوازی تاقیکارییەکەی جیاوازە و ئەزموونی بەردوامی نییە.

٥. هتد

فەقێییەکان دەبوایەت لە ڕەوتی فێربوون و خوێندنیاندا کۆمەڵێک کتێب بە چەند زمانی جیاواز فێر ببن. بۆ نموونەی لەو کاتانەدا، دەبوایەت ئەم چەند کتێبانەیان بخوێندایەت؛ لەوانە: کتێبی عەقیدی کوردی، کتێبی مەولوودنامەی کوردی، کتێبی ئەحمەدی، گوڵستان و بووستانی سەعدی. بۆیە دەیانتوانی بەسەر سێ زمانی کوردی، فارسی و عەرەبیدا تا ڕادەیەکی باش زاڵ ببن.

**٤.٤ ئەو بەرهەمانەی کە بۆ تەمەنی منداڵ نووسراون:**

شێعری فێرکاری کوردی لە ئەدەبی کوردیدا مێژوویەکی دووروودرێژی هەیە، سەردەمی دەسپێکی ئەم ئەزموونە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جزیری و خانی و بگرە زۆر لەوانیش کۆنتر. شێعری فێرکاری بەو جۆرەی لەسەرەوە خراوەتەڕوو وەک تایپێک یان کاتیگۆرییەک یان جۆرێکی شێعری دێتە ئەژمار، ئەم جۆرە ئەدەبییە وەک کۆمەڵێک لە جۆری تێکستی شێعری ( ئەدەبی)دەگرێتەوە، وەک مەولوودنامەکان، عەقیدەنامەکانی شاعیران، هەندێ لە نامە شێعرییەکان، سروودەکان، شێعرە ئاینییەکان، لە ئەدەبی هاوچەرخیش شێعر بۆ منداڵان و مێرمنداڵان، بە زۆری بەشێکن لە شێعری فێرکاری (عومەر، ٣٩٠: ٢٠٢٣). لە بەشێک لەم سەرەتا و دەسپێکەوە، دوو نموونەی شیعری فێرکاری لە ئەدەبی کوردیدا دەبینرێت، یەکێکیان لە سەدەی حەڤدەی زایینی نووسراوە و ئەویتریش بۆ سەدەی نۆزدە کە بریتین لە کتێبی نووبەهاری ئەحمەدی خانی، چاپی یەکەم ( ١٩٢٦). ئەزموونێکی دیکەی ئەم بوارە کتێبی لوغەتنامەی ئەحمەدییە کە فەرهەنگێکی کوردی-عەرەبییە لە دانانی شێخ مارفی نۆدێ ( چاپی یەکەم، چاپخانەی ژین. سلێمانی، ١٩٥٣)کە دواتر لە ساڵی ٢٠١٨ لە شاری سنە بە شێوازێکی جوانتر و وێنەدار بڵاو کراوەتەوە ( هەمان: ٣٩١). نووبەهاری ئەحمەدی خانی و لوغەتنامەی ئەحمەدی، دوو نموونەی گرینگی مێژووی دەقی کوردین لەبەر ئەوەی کە بۆ یەکەم جار گرینگییان بە بەردەنگی منداڵداوە و بە گرینگ بۆیان ڕوانیوە. لەم نێوانەدا چەند بەرهەمێکی دیکە نووسراون، ئەگەرچی گرینگیی ئەم دووبەرهەمەیان وەک بەردەنگدانانی منداڵ نییە، بەڵام بە هۆی چوارچێوە و فۆڕمی تایبەت بەو بەرهەمانە کە دەکرێت وەک بەرهەمی تایبەت بە ئاستێکی تەمەنیی خوار ناوی لێ ببرێت بە گرینگ وەسف بکرێت. بەم پێیە ناساندنێکی کورتی ئەم بەرهەمانە لە خوارەوەدا دەهێنرێن.

**ئەلف) تەسریفی تەرەماخی:**

بە پێی ئەو توێژینەوە و بەدواداچوونانەی سەبارەت بە یەکەمین بەرهەمێک بۆ ئاستی تەمەنی منداڵ نووسرابێت، کتێبی تەسریفی تەرەماخی بەرهەمی عەلی تەرەماخییە. ئەم کتێبە لە ساڵی ١٥٩٦ی زایینی و سەدەی شانزدەدا نووسراوە(یوونسی، ٢٠١٦). دیارە لەم کتێبەدا ناوێک لە منداڵ نەبراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئاستی کتێبەکە زۆر سادەیە و بۆ تەمەنێکی زۆر کەم و خواری منداڵی نووسراوە، دەبینین کە ئەم بەرهەمە وەک یەکەمین بەرهەمگەلی تایبەت بە منداڵان بووە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا. تەسریفی تەرەماخی لەسەر مۆرفۆلۆژی عەرەبی و فارسی نووسراوە. مایکل لیزەنبرگ [1]لە ژێرناوی ''عەلی تەرەماخی و خۆماڵیکردنی فێرکاریی حوجرەیی لە کوردستاندا''؛ تیشک دەخاتە سەر، سەرهەڵدانی "ئایدۆلۆژییە زمانییە نوێکان"ی سەدەی هەژدەهەمی زایینی، وەک پێش مەرجێکی بنەڕەتیی نەتەوەخوازیی زمانی". خوێندنەوەکە لەسەر لێکدانەوەی کتێبی "تەسریف"ی عەلی تەرەماخی بیچمی گرتووە(ڕیس باجەلان، ٢٠١٥). فێربوون و فێرکردن لە ئەورووپا مێژوویەکی کۆنتری لە کورد نییە. مەلا عەلی تەرەماخی لە کۆتایی سەدەی شازدە، خەریکی وتنەوەی ( دەستووری زمانی عەرەبی) بوو بە کوردی. ئەو کارە فیلۆلۆژییەی تەرەماخی چەند سەدەیەک لە پێش فیلۆلۆژیانی ئەورووپاوە بوو. تەسریفی تەرەماخی بە یەکەم بەرهەمی پەخشان و هەروەها یەکەم بەرهەمی ڕێزمانی لە زمانی کوردیدا دێتە هەژمارتن؛ ئەم بەرهەمە بە زاراوەی کورمانجییە و ناوەڕۆکەکەی وەک بە ناوەکەیدا دیارە، لەسەر زانستی سەرفە. لە ڕووی شێوازی داڕشتنەوەوە، لە پێشەکییەک و ٣١ فەسڵ و خەتمەولکیتابێک پێکهاتووە. ئامانجی نووسەر لە نووسینی ئەم کتێبەدا ئاسانکاری لە تێگەیشتنی سەرف بووە بۆ منداڵانی کورد، لەم بەرهەمەدا عەلی تەرەماخی لە ڕێگەی بەراوردکردنی سەرفی عەرەبی لەگەڵ زمانی کوردی و فارسیدا هەوڵیداوە بەرچاو ڕوونییەک بۆ فێرخواز چێ بکاتن. زمانی بەکارهاتوو تێیدا بۆ سەردەمی خۆی سادە و ساکار و هیچ پێچوپەنایەکی تێدا بەدی ناکرێت. هەروەک باسکرا خاڵی جێی سەرنجی ئەم بەرهەمە بریتییە لە بەراوردکردنی زمانان بۆ ئاسانکردنەوە و تێگەیشتنی بابەتەکە، ئەم شێوازە بۆ ئەو سەردەمە بە کارێکی گەورە و ناوازە دێتە هەژمارتن.

**ب) نووبهار خانی:**

خانی لە دوا بەشی مەم و زیندا بە ئاشکرا دەڵێ کە لە ساڵی ١٠٦١ی هیجریدا لەدایکبووە( مستەفا ڕەسووڵ، ٢٠٠٨: ٢٠).فەرهەنگی نووبهارا بچووکان یەکەمین فەرهەنگی هەڵبەستەکییە کە بە ئامانجی فێرکردنی وشەی زمانی عەرەبی و هەروەها ئاسانکاری بۆ تێگەیشتن لە قورئان و زانستە ئیسلامییەکانی دیکە لە زمانی کوردیدا هاتووەتە نووسین. دانەری نووبهار شاعیر و مونەوەرولفیکر، ئەحمەدی خانییە. خانی ئەم بەرهەمەی لە تەمەنی سی و دوو ساڵیدا نووسیوە و بە یەکەم بەرهەمی خانی دێتە هەژمارتن. ئەم فەرهەنگە لە پێشەکییەک بە شێوەی پەخشانی سەرواداار و سێزدە بەش بە شێوەی شێعر و کۆباسێک بە شێوازی پەخشانی سەرواداار پێکهاتووە. هەژماری بەیتەکانی ٢١٦ بەیتە لە سێزدە بەحری عەرووزیدا کە بریتین لە: چوار فەسڵ لە بەحری ڕەجەزدا، سێ فەسڵ لە هەزەجدا، دوو فەسڵ لە ڕەمەڵدا و چوار فەسڵیش لە بەحرەکانی موزاریع و بەسیت و سەریع و مەتەقاریبدا. نووبهار خاوەنی کۆمەڵێ تایبەتمەندییە کە وا دیارە هەر ئەم تایبەتمەندییانەش بوونە هۆی جێگربوونی لە سیستەمی فێرکاری حوجرەکاندا. یەکەم تایبەتمەندیی ئەم فەرهەنگە بریتییە لەم خاڵانە: خاوەنی مێتۆدێکی فێرکاریی تایبەتە، بەو مانایە کە خانی هەر لە سەرەتادا دەری دەخات کە ئامانجییەتی لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە کارێک بکات کە" دەرێ زیهنێ لە بچووکێد کورمانجان ڤەبێتن" درگای مێشکی منداڵان بکرێتەوە. تایبەتمەندیی دووەمی بریتییە لە: هەبوونی ئامۆژگاری لە پێشەکی هەر فەسڵێکدا. سێیەم تایبەتمەندی بریتییە لەوەی کە لەگەڵ ئەو ئامۆژگارییەدا هەوڵ دەدات کێشی ئەو شێعرەیش فێری منداڵان بکات. چوارەم: لە خۆگرتنی هەموو بەشەکانی وشە. پێنجەم: ئاشناکردن و ئامادەکردنی منداڵان لەگەڵ زانستەکانی دیکەی وەکوو سەرف، نەحوو، مێژوو، عەقیدە، عیرفان، ئەبجەد و هتد.

لە دوای عەلی تەرەماخی، خانی ئەم جارە دەیهەوێ دووانەی ( نەتەوە) و ( ئایین) لای منداڵی کورد تاقی بکاتەوە. هەر بۆیە نووبەهارا بچووکان بۆ منداڵانی کورد ئامادە دەکات و دوالیزمەکەی لە نەتەوە و ئایین دەکاتە سیانە(ناوخۆش، ٩٠: ٢٠١٧) هاوکات پەورەردەیەکی مەعریفییانەیش دەخاتە سەری و دەڵێت:

[1] Michael Lisenberg

ڤێک ئێخستی ئەحمەدێ خانی

ناڤێ ( بۆبەهارا بچووکان) لێ دانێ

بەڵکە ژ بۆ بچووکێد کورمانجان ( جهانی: ٢٢).

نەجاتی عەبدوولا (٢٠٠٧) لە ١٠ تێکستی کوردی، کە ئەلبێرت فۆنلۆکۆک کۆی کردووتەوە، کە دەقێکی نووبهارا بچووکان بە تێکەڵاوی لەگەڵ ( عەقیدا ئیمان) لە کتێبخانەی ( ماربۆرگ-بەرلین[2]) هەڵگیراوە، هەروەها ئەنوەر سوڵتانی ( ١٩٩٧) لەسەر ئەوە قسە دەکات کە هەردوو دەستنووس لە کتێبخانەی بەریتانی هەڵگیراون. سوڵتانی دەڵێت: هەردوو دەستنووس تەنیا (١٠)لاپەڕەن. سادق بەهائەدین (١٩٧٩)، عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ (١٩٧٩) و کۆیی (٢٠١٣) باس لەوە دەکەن کە فەرهەنگی دیداکتیکی کوردی لە کۆتایی سەدەی حەڤدەدا، بە تایبەتی لە ١٦٨٣( ساڵی بڵاوکردنەوەی نۆبهارا بچووکان) دەسپێکی ئەو بەرهەمەی حوجرەی کوردییە. یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی، پرس و بابەتی نەتەوەیی بووە. هەر بۆیە دکتۆر جەمال نەبەز (١٩٨٤) و کامیل ژیر (٢٠١٠) خانی بە " هزرمەندێکی ناسیۆنالیزم " دادەنێن. هەر لەم پەیوەندییەدا فەرهاد شاکەلی ( ١٩٩٧) لە لاپەڕەی ١٦ی کتێبی خانی و بیری نەتەوەیی دوو خاڵی مەزن لە تێکستی خاڵی هەڵدەهێنجێت، ئەویش بریتین لە:

١ . هەرچەندە خانی زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی دەزانی، بەڵام کارە ئەدەبییەکانی خۆی بە کوردی نووسی.

٢. خانی لە ڕێگای کارە ئەدەبییەکانەوە توانی هزری خۆی لە پێناو نەتەوەکەیدا بخاتە گەڕ و منداڵان هان بدات کە فێربن و بخوێنن. (ناوخۆش، ٢٠١٧: ٨٨) هەر بۆیە ئەحمەدی خانی و مەلا عەلی تەرەماخی دوو ڕووناکبیری کۆمەڵگەی کوردی بوون، هەردووکیان بە کارەکانیان لە پێش ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوادا کەوتبوون.

**پ) عەقیدا ئیمانێ:**

عەقیدا ئیمان بەرهەمێکی هەڵبەستەکی- فێرکاریی ئەحمەدی خانییە، ئەم بەرهەمە لە ٧٦ بەیت پێکهاتووە و لە زانستی عەقیدەدایە. بۆچوونی توێژەران لەسەر ئەوەیە کە دوابەدوای نووبهار، وەک پاشکۆ و تەواوکەرێکی ئەو نووسرابێ. ئەم بەرهەمە بە زمانێکی سادە و ساکار و لەسەر هەندێ بابەتی عەقیدەیی بەپێی مەزهەبی ئیمامی ئەشعەری هۆنراوەتەوە. مەزەندە دەکرێت خانی ئەم بەرهەمەی هەر وەک نووبهار بۆ منداڵان و مێرمنداڵ نووسیبێ چونکە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بە شێوەیەکی ڕووکەشی لەسەر مژارەکان دواوە و بە دوور و درێژی لەسەر هیچکامێکیان نەچووە.

**ت)ڕۆڵە بزانی:**

مەلا خدر، کوڕی مەلا ئەحمەد و لە نەوەی شێخ نێعمەتوڵڵای وەلییە. ئەم کەسایەتییە لە ساڵی ١٧٣٤ی زایینی لەدایکبووە و لە ساڵی ١٧٩٥، کۆچی دوایی کردوە. ئەم کەسایەتییە لە لای باوکی دەستی بە خوێندن کردوە و دواتر دەستێکی باڵای پەیاکردوە لە پەروەردەکردنی قوتابیدا و شارەزاییەکی زۆری هەبووە لە زانستە ئیسلامییەکاندا. مەلا خدر خاوەنی دوو بەرهەم بە ناوەکانی ڕۆڵەبزانی و دەوڵەتنامەیە. ڕۆڵە بزانی بریتییە لە ( ئەسڵ و فەرعی دین) بە هۆنراوە و شێوەزاری هەورامی هۆنراوەتەوە. ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمە ئامۆژگارییە و تایبەت بە فەقێ و قوتابیی ئایینی حوجرەکانی کوردستاندا هۆنراونەتەوە. لەو سەردەمەی مەلا خدر ژیاوە، کتێبی ڕۆڵەبزانی کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر پەروەردکردنی فەقییەکاندا. مەلا خدر لە بەشێک لە ڕۆڵە بزانیدا دەڵێت:

با بێوەت زانا، یۆتەر بزانە      هەر چێوەت وانا، چێوێ تەر وانە

زانات وەرت کەرد، عەمەل باوەرە      واناتۆ، زانات، وەرش بکەرە

[2] Maraburg library

sjh@univsul.edu.iq

| | |
|---|---|
| عیلم بێ عەمەل، باخی بێ بەرەن | عیلم چوون درەخت، عەمەل سەمەرەن |
| ئیللا بێ بە دەڵ، عومرەنو عەمەل | هەر چێو زایەع بۆ، پەریش هەن بە دەڵ |
| حەیفەن عومرو وێت، بدەی بە زایە | جەی دنیا بەرشی، بێ مایە و فایە |

**چ) سەفحەی سبیان:**

سەفحەی سبیان بەرهەمێکی بچووکی مەلا مەحمودی بایزیدییە کە بە ئامانجی فێرکردنی ئەلفبێی کوردی نووسراوە. ئەم بەرهەمە لەسەر ڕێبازی فێرکاریی ئەوکات کە بریتی بوو لە حونجەکردنی ئەلفبێ، ئامادە کراوە. خاڵی جێی سەرنجی ئەوەیە لەم بەرهەمەدا بۆ یەکەمجار ئێمە ڕووبەڕووی پیتی ڤ لە نێو ئەلفبێ و نووسینی کوردیدا دەبینەوە. ئەم بەرهەمە یەکەمین بەرهەمە کە بە زمانی کوردی بە مەبەستی فێرکاریی ئەلفبێ نووسراوە.

**ح) ئەلفبێیا کورمانجی:**

ئەلفبێیا کورمانجی هەر وەک لە ناوەکەیەوە خویا دەبێت دەپەرژێتە سەر فێرکاریی ئەلفبێی کوردی، نووسەری ئەم کتێبە خەلیل خەیاڵیی موتکییە و لە ساڵی ١٩٠٣ لە لایەن کوردیزادە ئەحمەد ڕامز لجیبەوە لە ئەستەنبوڵدا چاپ کراوە. لە ڕووی شێوازی فێرکارییەوە هەر وەک کتێبە کلاسیکییەکانی دیکە لە ڕێگەی حونجەوە هەوڵی فێرکردنی ئەلفبێ کوردی داوە. ئەم کتێبە بە یەکەم کتێبی فێرکاریی ئەلفبێی کوردی کە چاپ کراوە دێتە هەژمارتن (خەیاڵ موتکی:١٣٢٥ک)

**خ) میرسادولئەتفال:**

میرسادولئەتفال فەرهەنگێکی هەڵبەستەکی کوردی-فارسییە، لە لایەن شێخ محەمەدی کەربەلائییەوە لە ساڵی ١٩١٣دا هۆنراوەتەوە. میرسادولئەتفال هەر وەک نووسەرەکەی ئاماژەی پێکردوە بە چاولێکەری لە فەرهەنگی نووبهاری خانی هۆنیوەتەوە. ئەم فەرهەنگە لە پێشەکییەک و چواردەبەش و خاتیمەیەک پێکهاتووە، هەژماری بەیتەکانی ٣٢٠ بەیت و ١١٥٥وشەی فارسی تێدا مانا کراوەتەوە و وەک فەرهەنگەکانی دیکە بە ئامانجی فێرکاریی منداڵان نووسراوە.

**د) بەرهەمەکانی عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری:**

عەبدولڕەحیم ڕەحمی حەکاری میری خەمخۆری چاند و وێژە و زمان و پەروەردەی کوردستان بوو. ڕەحمی هەکاری کۆمەڵێک بەرهەمی پڕ بایەخی بە زمانی کوردی بۆ بەجێ هێشتووین، بەناوبانگترینیان شانۆنامەی مەمی ئالانە کە بە یەکەم شانۆنامەی کوردی تێ حەسباندن. ڕەحمی هەکاری مرۆڤێک بوو کە خەمی پەروەردە و زمانی کوردی بوو، ئەو وەکوو شێخی خانی پەروەردە و خوێندنی بە زمانی زکماکی بەلاوە گرینگ بوو، بۆیە هەوڵی داوە کە بەپێی زانستە باوەکانی مەکتەبخانەی ئەوکات بە زمانی کوردی، کتێبی پەروەردەیی بۆ منداڵان بنووسێت، دەرئەنجامی ئەم هەوڵانەش بریتی بوون لە دوازدە کتێب کە بریتین لە:

١ . کلیلا خوەندنێ (ئەلفبێ)

٢. عەقیدا ئیمانێ

٣. دەرسا دینێ

٤. قسسەیا پێغەمبەران(بۆ دەرس و زانستی مێژوو)

٥. سەر بەحر (بۆ دەرس و زانستی قیرائەتدا)

٦. قسسەیا خەلیفان(بۆ دەرس و زانستی قیرائەتدا)

٧. هەژمار (بۆ دەرس و زانستی بیرکاریدا)

٨. عەردێ خودێ(بۆ دەرس و زانستی جوگرافیا)

٩. وەلات( بۆ دەرس و زانستی جوگرافیا)

١٠. دەرسا شەریعەتێ

مخابن لەم بەرهەمانەدا تەنێ سێ دانەی چاپ بوون، لەو سێ بەرهەمەش تەنێ عەقیدا ئیمانێ و دەرسا دینێ لەبەردەستن و ئەوەلای کتێبەکانی تا بە ئێستا بێسەروشوێنن، وا دیارە لە سەرووبەندی دامەزراندنی کۆماری تورکیا وەک سەدان کتێبی دیکەی کوردی لەناو براون.

کتێبی دەرسا دینێ لە ساڵی ١٩٢١ لە ئەستەنبووڵ چاپ کراوە، دەرسا دینێ بە شێوەی پەخشانە و بەسەر دوو مژاری عەقیدە و عیبادەتدا دابەش دەبێت، بەشی عیباداتی لە بەشی عەقیدەکەی زێدەترە، ڕەحمی حەکاری ئەم بەرهەمەی بەپێی فیقهی ئیمامی شافیعی نووسیوە. عەقیدا ئیمانێ هەر وەک بە ناوەکەیدا دیارە لەسەر بابەتی عەقیدەیە، لە ساڵی ١٩١٦دا نووسراوە و لە ساڵی ١٩١٩ لە لایەن وەشانخانەی نەجمی ئیستیقلالەوە چاپ کراوە. بەرهەمەکە بە شێوەی شێعرە و لەسەر کێشی عەرووزە و پێکهاتووە لە ٧٤ بەیت.

جگە لەم بەرهەمانە لە ڕۆژنامەی ژین کە لە ئەستەنبووڵدا لە ساڵانی ١٩٢٠دا چاپ دەبوو، لە ژێر ناوی دیاری بۆ زارۆکی کوردان و دیاری بۆ خۆرتێ کوردان و دیاری بۆ بچووکێد کوردان، کۆمەڵێک بابەتی سەرفی بە کوردی و تورکی نووسیوە و دەتوانین وەک یەکەم نووسینەکانی پەیوەست بە منداڵانەوە کە لە ڕۆژنامەدا چاپ بووە بیپەرژێنین. خاڵی جێی سەرنج لەو سێ نووسینەدا جیاکردنەوەی چینی منداڵ و مێرمنداڵە لە یەکدی کە ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی ڕەحمی هەکاری لە پەروەردەدا دەردەخات.

**ر) توحفەتولسبیان:**

ئەم بەرهەمە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە لایەن خەلیفە یووسفی بایەزیدییەوە لە زانستی فیقهدا بۆ منداڵان نووسراوە. بەرهەمەکە لە ٤٤ بابەت پێکهاتووە و ساڵی ٢٠٠٨ لە لایەن وەشانخانەی نووبهارەوە چاپ و ڕەوانەی بازاڕ کراوە.

**٤.٥شێخ مارف و ڕۆڵی لە پێشخستنی بیرۆکەی فێرکاریدا:**

شێخ مارفی نۆدێی وەک یەکێک لە دیارترینی ئەو نووسەرانەی کە هەوڵەکانی خستەگەڕ لە پێناوی گەشەی بیر و هزری منداڵی کورددا، گرینگایەتی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە. شێخ مارفی نۆدێی یەکێکە لە بەناوبانگترینی تایەفەی بەرزنجی کە لە ساڵی ١١٦٦ی کۆچی لە ئاوایی نۆدێی سەر بە بەشی شارباژێری سلێمانی لەدایکبووە. گەشەی مێژووی ئەم تایەفەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆی کۆچی و لە بواری فەرهەنگی عەرەبی و فارسیدا لێهاتوویەکی زۆریان بوو ( خاڵ، ١٩٠٤). شێخ مارفی نۆدێ (١٧٥٣ ــ ١٨٣٨) ناوی تەواوی سەید محەمەد ناسراو بە مارف کوڕی سەید مستەفا کوڕی سەید ئەحمەدە و باپیرەی سێزدەمینی سەید عیسای بەرزنجی کوری بابەعەلی هەمەدانییە زانای ئایینی و خواناس، شاعیری کورد، باوکی کاک ئەحمەدی شێخ (ناسراو بە کاک ئەحمەدی سلێمانی) و باپیری شێخ سەعید و باپیرەگەورەی شێخ مەحموودی حەفیدە.

شێخ مارف لە گوندی نۆدێی سەر بە شاری سلێمانی لە دایک بووە. پتر لە ٥٠ پەڕاوی ئەدەبی و ئایینی لێ بە جێ ماوە کە زۆربەیان لە کتێبخانەکانی ناوەوە و دەرەوە پارێزراون؛ بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە و تاوەکوو ئێستایش ناوبانگی هەیە، فەرهەنگۆکی ( ئەحمەدی)یە. بەپێی وتەی دانەری کتێبی رسالەی عەزیزیە لە خەواریقی ئەحمەدیە شێخ مارف و ئایشەخانی خێزانی منداڵی کوڕیان نەبووە و گەیشتوونەتە تەمەنێکی ئەوتۆ کە هیوای منداڵبوونیان نەماوە. کەچی شێخ ئەحمەدی لەحسایی موژدەی کوڕێکی پێداون. شێخ مارف-یش بەم ئومێدەوە سێ ساڵ پێش لەدایکبوونی ئەحمەدی کوڕی، ئەم نامیلکەیەی بۆداناوە. (فەتاح دزەیی، ٤٣: ١٩٨٤).ئەدمۆنس بەرامبەر بە نووسینەکەی رسالەی عەزیزییە سەبارەت بە ساڵی لەدایکبوونی حاجی کاک ئەحمەد و ساڵی دانانی فەرهەنگی ئەحمەدی لە لایەن باوکیەوە، بۆچوونێکی مەنتیقیتری دەربڕیوە و دەڵێ: لە

بەراوردکردنی مێژووی لەدایکبوونی شێخ مارف کە لە ساڵیٚ ١١٦٦ی کۆچیدا بووە لەگەڵ مێژووی لەدایکبوونی کاک ئەحمەد کە لە ساڵی ١٢٠٧کۆچیدا بووە ئەوە ساغ دەبێتەوە کە تەمەنی باوک کاتی لەدایک بوونی کاک ئەحمەد لە ٣٩-٤٠ساڵی تێپەڕ نەکردوە و ئەمەش تەمەنێک نییە بۆ ناهومێدی. هەروەها دەڵێت کتێبی ئەحمەدی لە دوای لەدایک بوونی ئەم کەسایەتییەوە دانراوە بەو هۆکارەی کە شێخ مارف لە سەرەتای ئەم کتێبەدا ئەوە پیشان دەدات کە بۆ ئەحمەدی کوڕی داناوە تاکوو بەو هۆیەوە، بەبیٚ ماندووبوون فێری زمانی عەرەبی بێت(فەتاح دزەیی، ٤٤: ١٩٨٤).

**فەرهەنگنامەی ئەحمەدی :**

فەرهەنگی ئەحمەدی لە ساڵی ١٧٩٥ لە لایەن شێخ مارفی نۆدێییەوە نووسراوە. ئەم فەرهەنگە پێکهاتووە لە پێشەکییەک ( بە زمانی فارسی و عەرەبی) لەگەڵ دەقی سەرەکی فەرهەنگەکەدا کە بۆ خۆی بەپێی ناوەڕۆک و دابەشکاری، شێخ مارف بەسەر دوو بەشی ناو و کرداردا دابەش بووە. ئەحمەدی لە ڕووی ڕوخسار و چوارچێوەوە بەسەر دوو جۆری سەرەکیی مەسنەوی و غەزەلدا دابەش دەبێت. هەڵبەت شایانی ئاماژەیە کە مەبەست لەم دوو جۆرە تەنیا لایەنی بیچمی ئەو دوو جۆرەیە نەک لایەنی ناوەڕۆکی، واتە نەک لەو لایەنەوە کە ئەم دوو جۆرە قاڵبەی لە ئەدەبیاتدا بەکار دەچێت و پێیەوە بەناوبانگن.

**ئەحمەدی، بەرهەمێکی منداڵتەوەر:**

شێخ مارفی نۆدیٚ، لە پێشەکی بەرهەمەکەیدا ئامانج لە هۆنینەوە و نووسینی ئەحمەدی، کوڕەکەی ئەحمەد دەهێنێتەوە و لە نێوی کتێبەکەیش ئەمە فام دەکرێت. بەڵام ئەگەر لە ڕوانگە و جیهانبینییەکی بەرفراوانترەوە بڕوانینە ئەم بابەتە، دەتوانین کۆی کۆمەڵگەی کوردی بەم مەبەستەوە بشوبهێنین و بزانین کە ڕوانگەی شێخ ئەحمەد، ڕوانگەیەکی منداڵتەوەرانە بووە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا و هەستی بە کەلێنێکی گرینگ و گەورە لەم بوارەدا کردووە. بۆیە ئەحمەد، باس لە کۆمەڵگەیەکی هەژماری گەورەتر لە منداڵان دەکات کە شێخ مارف دەیهەوێت گرینگییان پیٚ بدات. دواتر لەبەر گرینگی و پێویستیی ئەم کتێبە، لە حوجرە و مزگەوتەکانی کوردستان‌دا کرا بە مەنهەج و سەرچاوەیەکی سەرەکی و هەر فەقێیەک بۆ دەسپێک و سەرەتای خوێندنی لە حوجرەدا، ئەم کتێبەی دەخوێند و بگرە لەبەریشی دەکرد. لە ئێستایشدا دوای تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر بەسەر چاپ و بڵاوبوونەوەیدا، هێشتا جێگە و پێگەی خۆی لە نێو ڕەوتی فێرکاریی بە فەقێیەکاندا لە دەست نەداوە و وەکوو وانە دەوترێتەوە.

بە نام خدای حیٚ لایموت  پروردگار ملک و ملکوت
اَلحَمد لله علی ما وَهَب  هَدانا إلی لِسان العَرَب
صلات و سلام بیحد و حساب  بر محمد باد هم آل و اصحاب
و بعد بدان چنین میگوید  معروف بن مصطفی بن احمد
قَد حَقّهُ الله بِألطافهِ  و أبَویهِ كَأسلافِهِ
در این رساله به کردی زبان  کنم زبان عرب را بیان
تا که فرزندم احمد بی تعب  شود دانای لغات عرب
لِهذا (ناوم نا) أحمدیه  واللهُ أرجو إصلاح النیّه
به دو باب کتاب میشود کمال  یک باب أسماء یک باب أفعال
زیر هر اسمی میکنم تحریر  جمعش یک بود یا دو یا کثیر
در باب افعال میان همه  فعل ماضی را کنم ترجمه
زیر هر فعلی میکنم تقریر  مضارع و مصدر کم بی یا کثیر
رَبِّ وَفِقنی وَ خُذ بِیَدی  وَانفَع بِها الطّالب المُبتَدی

**بەکارهێنانی وشەی سادە بە زمانێکی پاراو و منداڵتەوەر:**



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

دیارە لە کاتی چاپبووونی یەکەمین ژمارەی ئەحمەدی تا هەنووکە، چەندین جار و بە شێوازی جۆراوجۆر فەرهەنگی ئەحمەدی چاپ و بڵاو کراوەتەوە. بۆ یەکەم جار مێژوونووسی گەورە حوزنی موکریانی ( ١٩٢٦) لە چاپخانەی زاری کورمانجی لە ڕواندز ئەم فەرهەنگەی چاپ کردوە. دوای ئەو، پیرەمێرد (١٩٣٦) دیسانەوە لە شاری سلێمانی چاپی کردوەتەوە. دوا بە دوای پیرەمێرد گیوی موکریانی ( ١٩٦١) کە خاوەنی چاپخانەی کوردستان بووە لە هەولێر، دیسانەوە چاپی کردوەتەوە (فەتاح دزەیی، ٤٧: ١٩٨٤). لە دوای ئەم چاپانە، چەندین جار و لە شوێنە جیاوازەکاندا ئەم فەرهەنگە چاپ و بڵاوکراوەتەوە کە یەکێک لەوانە، چاپی لوغەتنامەی ئەحمەدی بە شێوازی وێنەدار بووە کە ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی لە لایەن وەشانگەی کوردستان لە شاری سنە ئامادە و بڵاو کراوەتەوە. ئامانج لەم کارە ئەوە بووە کە منداڵان و خوێنەران هاوکات لەگەڵ خوێندنەوەی وشەکاندا، وێنەکانیشیان ببینن و ببێتە ئاسانکارییەک بۆ سانابوونی تێگەیشتنیان. دیارە نوسخەی بەکارهێنراوی ئێمەیش لەم توێژینەوەدا ئەم چاپە وێنەدارەیە کە لە سنە بڵاو کراوەتەوە.

خاڵێ بەرچاو و جێی سەرنج لە ئەحمەدیدا بریتییە لە: لەبەرچاوگرتنی بەردەنگ و ڕەچاوکردنی ئاستی تێگەیشتنیان، بەوەدا کە لە ئەحمەدیدا بە ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر، گرنگی بە وشە بەرهەستەکان دراوە و کەمتر ئاوڕ لە وشەی دەرهەست و ئینتیزاعی دراوەتەوە. بۆ وێنە لە دەسپێک و سەرەتای کتێبەکەدا دەبینین نووسەر بە شێوازێکی زۆر لێزانانە، وشەبژێرییەکی زۆر جوان و سادەی ئەنجام داوە کە ببێتە سەرەتایەکی چێژبەخش بۆ منداڵان و درێژەدان بە خوێندنەوەی.

(رَأس): سەرە. (عَین): چاوە

(بَدَن): قالب (اِسم): ناوە

(أنف): لووتە. (حَاجِب): برۆ

(فَخِذ): ڕانە. (رُکبَە): ئەژنۆ(مارف، ٤: ١٣٧٩).

"زمان باشترین و گشتگیرترین کەرەستە بۆ گەیاندنی پەیام و پێوەندیی مرۆڤە لەگەڵ یەکترین. زمان لە شێعر یا بەرهەمێک بۆ چینی منداڵ دەبێت سادە، سروشتی و ئەمڕۆی بێت و پێویستە ئەم تایبەتمەندییانە لە شێعری منداڵاندا لەبیر نەکرێن. دەستەواژە و پێکهاتەگەلی شێعریی گەورەساڵ بەرینە، بەڵام لە دەقێکی منداڵاندا سنووردارە، بەم پێیە ڕەچاو کردنی وشە و دەستەواژەکان و هێنانیان بە پێی بارودۆخی منداڵان وەک گرینگییەک دێتە ئەژمار. بۆیە سادەبوونی زمان لە دەقی منداڵاندا خۆی لە دوو تەوەردا دەبینێتەوە: یەکەم ئەوەی کە وشە و دەستەواژەکانی لە بازنەی دەستەواژەگەلی منداڵانەوە بەدەر نەبێت و دووهەم ئەوەی کە پێکهاتەی زمانیی نزیک بە زمانی سادەی وتوویژ بێت و ئاڵۆزیی دەقی گەورەساڵانی بەدواوە نەبێت. بۆیە ئەم زمانە پێویستی بە تێگەیشتنی بەردەنگی منداڵە و نابێت لە ڕەوتی خوێندنەوەی بەرهەمێکدا تووشی گرفتی تێگەیشتن ببێت و زەینی بەرەو پەراوێز ڕاپێچ ببێت (مێهرەبان و هاوکاران، ٨: ١٤٠٢)."

(أخوی): ڕەشە.(أخضَر): سەوزە

(حالِک): ڕەشە (طُحلَب): قەوزە

(شَجَر): درەخت (حَجَر): بەردە

(دَواء): دەرمان (داء): دەردە (مارف، ١٢: ١٣٧٩).

ئەو وشانەی نووسەر هەڵیبژاردوون، وشەگەلێکی هەستپێکراو و ناسیاری منداڵانن و منداڵ تووشی گرفتی مانایی ناکات. هەر ئەمە هۆکارێکە بۆ سانایی تێگەیشتنی ئەو منداڵە و لەبەرکردنی دێرەکان. لەبەر ئەوەی یەکێک لەو کارکردانەی ئەم کتێبە لە زەینی خوێنەردا دروستی دەکرد، لەبەرکردنی بووە و بە دژواری وشەکانی لەبیری خوێنەر بچوایەتە دەرەوە. بەم پێیە نووسەر لێهاتووانە وشەکانی ڕیز کردوە و لە پەنای یەکدا بە شێوازی جووت هێناویەتەوە.

**فۆرم و چوارچێوەی ئەحمەدی:**

sjh@univsul.edu.iq

سەرەتای کتێبی ئەحمەدی کە دەسپێکی ئەو بەرهەمەیە و هۆنراوەیەکی فارسیی تێکەڵاو بە عەرەبیی تێدایە، لەسەر کێشی بڕگەیی و وەزنی عەروزیی کوردی جێ دەگرێتەوە. دەسپێکی هۆنراوەکان کە بەم جۆرەیە:

(رَأس): سەرە. (عَین): چاوە

(بَدَن): قالب (اِسم): ناوە

لەسەر کێشی هەشت بڕگەیی کوردییە. بوونی مۆسیقایەکی زمانیی چێژبەخش لە نێو کتێبەکەدا هۆکارێکە بۆ هاندانی زیاتری خوێنەر بۆ چێژگرتن و هاندانی چینی کەم تەمەن بۆ خوێندنەوەی. لە ڕووی زانیاریی عەرووزیشەوە سەرکەوتووانە لەسەر بەحرە عەرووزییەکانەوە شێعرەکان بەرهەم هاتوون.

"بەرچاوترین تایبەتمەندیی شێعر کەڵکوەرگرتن لە هونەری مۆسیقا[3] لە پێکهاتەی ئەم جۆرە شێعرانەدایە. ئەو شێعرانەی کە بۆ منداڵان دەهۆنرێنەوە، دەبێت هەڵگری ڕەهەندێکی مۆسیقایی زۆر بن. ئەو دەقە شێعرییانەی کە هەڵگری کێش و سەروایەکی کلاسیکن، دەبێت لە شێعری منداڵاندا ڕەچاو بکرێت؛ لەبەر ئەوەی کە بوونی ڕەدیف و سەروا بۆ هێشتنەوەی شێعر لە بیر و زەینی منداڵاندا کاریگەرە. وشەکان لە شێعری منداڵاندا هەرچەندە زیاتر هاوئاهەنگ و یەک شێواز بن، مۆسیقاییەکی زۆر دەبەخشن بە زەینی منداڵان بە مەبەستی سەقامگیربوون و مانەوەی لە زەینیاندا. زەینی مرۆڤ کاتێک شێعرێک دەبیستێت دواتر کە بیهەوێت ئەزبەری بکات، لە زۆر کاتدا کەڵک لە دووپاتکردنەوەی سەروا وەردەگرێت، یانی لە وەبیرهێنانەوەی وشەگەلی هاوئاهەنگ و یەکدەستدا (مێهرەبان و هاوکاران بە گێڕانەوە لە شەفیعی کەدکەنی، ١٣: ١٤٠٢).

**پێکهاتەی ناوەڕۆکی ئەحمەدی:**

کتێبی ئەحمەدی لە ٣٦٥ بەیتی هۆنراوەییدا ئامادە کراوە. نزیکەی ١٣٠٠ وشەی کوردی بەرامبەر بە نزیکەی ١٤٠٠وشەی عەرەبی تێدا هاتووە. بە پێچەوانەی فەرهەنگی نووبهار بەشی هەرە زۆری وشەکانی عەرەبی لە ئەحمەدیدا، وشەگەلێکی زیندوون و تا هەنووکە بەکار دەبردرێن. کتێبی ئەحمەدی لە ڕووی بوونی وشەی کوردییەوە دوو هێندەی نووبهار دەوڵەمەندترە بەڵام بە ئەنازەی نووبهار وشەی تێدا نییە کە باس لە حاڵی دەروونیی ئادەمیزاد بکەن(فەتاح دزەیی، ٦٢: ١٩٨٤). هەستیاری لە هەڵبژاردن و وشەبژێرییەکی هەستپێکراوی کۆمەڵگە بۆ منداڵان، یەکێکی دیکە لەو تایبەتمەندییانەی ئەم فەرهەنگۆکەیە. بۆ نموونە، شێخ مارف بە هێنانی کۆمەڵێک وشە، کە تایبەت بە کەرەستە و ئامرازی ڕۆژانەی ژیانن، هەوڵ دەدات خوێنەر و منداڵ لەگەڵ ئەو وشە و واتایانەدا ئاشنا بکات. کەڵکوەرگرتن لە وشەگەلێک کە تایبەت بە جەستەی مرۆڤن و بەشێکن لە زانستی پزیشکی، تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم فەرهەنگەیە. لە ڕاستیدا شێخ مارف هەوڵیداوە بە شێوازێکی گشتگیر ئاوڕ بداتەوە لە زۆربەی ئەو لایەنانەی کە لە نێو ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدان و پێویستییەکی ڕۆژانەن.

**ئاکام:**

لە سەدەی ١٥ی زایینییەوە، بە هۆی هەلومەرجی کۆمەڵگە و ئەو کێشە و گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە کۆمەڵگەدا باو بوون، پرسی فێرکاری و پەروەردە، بابەتێکی پەراوێز و بێ بایەخی نێو کۆمەڵگەی جیهانی بووە. ئەمە هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی کە چینی منداڵ، خاوەنی پێگە و دەسەڵاتێکی تایبەت بە خۆیان نەبن و پەراوێز بخرێن. بە جۆرێک قۆناغی منداڵی بزر و منداڵ وەک ئامرازێکی کار و پیشە لە نێو کۆمەڵگەکاندا بەکار هێنراوە. لە نێو کۆمەڵگەی کوردیش بەپێی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە لاوازەی سەقامی گرتبوو، منداڵیش لە پەراوێزدا بووە و گرینگایەتییەکی ئەوتۆی نەبووە. لەم نێوانەدا کەسانێک کە هەڵقولاوی بیر و هزرێکی ئایینی- نەتەوەیی بوون لە هەوڵی گۆڕینی ئەو بایەخە کۆمەڵایەتییانەدا بوون و کۆمەڵێک بیرۆکەی نوێیان هێنایە ئاراوە. لەو سەردەمەدا بە هۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بیروبۆچوونی ئایینییەوە، ئەگەرچی گرینگایەتییەکی تایبەت بە خۆی هەبووە، بەڵام وەکوو دیاردەیەکی دیاریکراو و سەربەخۆ باسی نەکراوە. لەم نێوانەدا کەسێک وەکوو شێخ مارفی نۆدێی، بە ئامانجێکی ئایینییەوە منداڵ لەگەڵ زمانەکەی و زمانەکانی دیکەیدا ئاشنا دەکات و فەرهەنگ لوغەتێکی عەرەبی-کوردی بە مەبەستی فێرکاریی زمانی عەرەبی بۆ منداڵان دەنووسێت. هەر ئەم کارە دەبێتە ڕێخۆشکەرێک بۆ

[3] Music

دروستبوونی ڕەوتێکی منداڵتەوەر لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا و بایەخدانی زیاتری کۆمەڵگە بە چینی منداڵ بە زمانێکی فێرکارییانە. ئەمە ڕوونە کە ئەم هەوڵانە کۆمەڵێک لێکەوتەی شاریاوەی لەگەڵدایە کە یەکێک لەمانە ڕووبەڕووکردنەوەی منداڵە لەگەڵ زمانی دایکی و گرینگیدان بەم پرس و بابەتە. ئەم وتارە بە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕەوتی مێژوویی بیرۆکەی منداڵتەوەرانە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا و بە هێنانی چەند نموونەیەک لە دەقی تایبەت بە لوغەتنامەی ئەحمەدی وەک دەقێکی مێژوویی تایبەت بەم بوارە، هەوڵیداوە ئەم ڕەوتە بناسێنت و ئاوڕێک لە لایەنی مێژوویی و ناوەڕۆکی دەقی ئەم کتێبە بداتەوە. بە سەرنجدان بە کۆمەڵێک لایەنی تایبەت بە دەقی منداڵان، دەبینین کتێبی ئەحمەدی، هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی منداڵتەوەرە و وەک یەکێک لە دەقە سەرەتاییەکان دەبێتە ئەژمار کە منداڵ بۆ فێربوونی زمان لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بووەتەوە کە بەپێی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمانە و هەلومەرجی تایبەت بە خۆی، دەتوانین وەک بەرهەمێکی سەرکەوتوو ناوی ببەین.

**سەرچاوەکان:**


اریە، فلیپ(1399)قرون کودکی، تاریخ اجتماعی، زندگی خانوادگی. تهران: کانون پرورش فکری کودکان

خال، محمد(١٣٧٧). زندگینامە شیخ معروف نودهی برزنجی. مترجم: احمد حواری نسب. تهران: نشر احسان

خیال موتکی، خلیل( 1325ه)ألفبای کرمانجی.

ذکایی، محمدسعید. (1396). مطالعات کودکی: مفاهیم, رویکردها و مسائل محوری. مطالعات فرهنگی و ارتباطات، 13(46)، 35-13.

مری جین، کیلی (1396)درآمدی بر مطالعات کودکی. تهران: ثالث

ڕیس باجەڵان، ژین(٢٠١٥). چەند خوێندنەوەیەک لە مێژووی کورد. لەندەن: ڕاتلێج

فەتاح دزەیی، عەلی ( ١٩٨٤). نەوبەهاری خانی و ئەحمەدی شێخ مارفی نۆدی. هەولێر

لەتیف بەرزنجی، عومەر(٢٠٠٧). ڕەوشی حوجرە لە پێگەیاندنی زانا ئایینییەکانی شاری هەولێر، هەولێر: منارە

محمد عەبدولڕەحمان، عەبدولڕەزاق. سەربوردێکی هەورامان و سەردانێکی تەوێڵە

مستەفا ڕەسووڵ، عێزەدین ( ٢٠٠٨). ئەحمەدی خانی، شاعیر وبیرمەند-فەیلەسووف و سۆفی. سلێمانی: حەمدی

مەعرووف نۆدێی، مارف( ١٣٧٩). لوغەتنامەی ئەحمەدی (وێنەدار). سنە: کوردستان

ناوخۆش، سەلام (٢٠١٧). ئەحمەدی خانی و نەتەوەسازی لە (میرەوە) بۆ (منداڵ). سلێمانی: ڕامان

یوونسی، ئایدین(٢٠١٦). تەسریفی تەرەماخی( دەقی لێکۆڵینەوەیی نامەی ماستەر). زانکۆی ماردین

ئەحمەد عومەر، موحسین ( ٢٠٢٣). وێنا و ئایدیا. هەولێر: فام